


ئارپاک وەریا قانع یاریزانی نێودەوڵەتی لەیاری شەترەنج

# هیوام وایە هۆڵێکی تایبەت بەشەترەنج بکەمەوە

دیمانە/ عیماد قادر

**ئارپاک وریا قانع پاڵەوانی نێودەوڵەتی کورد لەیاری شەترەنج، ناوێکی دیار و درەوشاوەیە لەئاسمانی ئەم وەرزشە، سەری کوردی بەرزکردۆتەوە لە پاڵەوانییەتییە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان.**

**ئارپاک وریا لە ساڵی ١٩٦٨ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٠ خولیا و حەزی چۆتە ئەم وەرزشە و بەهرەمەندی خۆی تێدا تاقیکردۆتەوە، لەهەمان ساڵدا پاڵەوانی منداڵانی عێراقی بەدەستهێنا، لەساڵی ١٩٨٢ لەپاڵەوانیەتی جیهانی بۆ منداڵان بەشداریکرد کە لە وڵاتی (ئیکوادۆر) سازکرابوو. ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٥-١٩٨٦ پاڵەوانی لاوانی عێراق بوو لە ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨-١٩٩٧ لە هەڵبژاردەی عێراق جێگای خۆی کردەوە، لە ساڵی ١٩٨٩ لە فیستیڤاڵی ساڵانەی دۆحەی نێودەوڵەتی بەشداریکرد، لە ساڵی ٢٠٠١ لەخولی یانەکانی عەرەب بۆ یاری شەترەنج کە لە وڵاتی یەمەن سازکرا بوو بەشداریکرد. لەساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ هەڵبژاردەی هەولێر نوێنەرایەتی کوردستانیان کرد لەخولی وڵاتانی ئاسیا بۆ یاری شەترەنج کە لە وڵاتی ئێران بەڕێوەچوو.**

**وە چەندین جار پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق پاش چاوپێکەوتنمان ویستمان ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ ساز بکەین.**



*** سەرەتای چوونە ناو جیهانی شەترەنج کەی بوو؟**

- من پێش ئەوەی بچمە قوتابخانە فێری ئەم یارییە بووم، لەتەمەنی ٤ ساڵیدا جوڵاندنی داشەکانی شەترەنج فێربووم.

*** کێ یەکەم هاندەرت بوو؟**

- باوکم یەکەم هاندەرم بوو ئەو منی فێرکرد، باوکم منی بەجیهانی شەترەنج ناساند.

*** تاکو ئێستا بۆ چەند یانە یاریت کردووە؟**

- یەکەم جار بۆیانەی هەولێر یاریم کرد یانەی هەولێر منی پێگەیاند هەرگیز لەبیریان ناکەم، دوایی بۆ یانەکانی تورکمان و هێرش و برایەتی و ئێستاش لەگەڵ یانەی خانزاد گرێبەستم مۆرکردوە تەنها بۆ ئەم مەوسمە.

*** بەڕای تۆ باشترین یاریزانی شەترەنج لە کوردستان کێیە؟**

- بەڕای من (محەمەد تەها ئاکرەیی) یاریزانێکی زۆر بەتوانا و بەهرەمەند بوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا لە هەندەرانە هەروەها (نوح عەلی حسێن)

*** بەکام پاڵەوانی جیهان سەرسامیت؟**

- گاری کاسباڕۆف کەتوانی لەساڵی ١٩٨٥-٢٠٠٥ بەرگری لە ریزبەندی یەکەمی یاریزانانی جیهان بکات.

*** خۆشترین رۆژی جیهانت کەی بوو؟**

- ئەوکاتە بوو کە لەدوا یاری لەیاریزان (نوح عەلی) م بردەوە بوومە پاڵەوانی کوردستان لەساڵی ١٩٩٥.

*** کێ راهێنەرت بووە؟**

- من راهێنەرم نەبووە، بەڵام سودێکی زۆرم لە کۆمپیوتەر بینیوە، ئێستا کۆمپیوتەر رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەپێشخستنی ئاستی یاریزان.

*** ئاستی ناوبژیوانانی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- لەکوردستان هیچ کێشەیەکمان نییە بۆ ناوبژیوانی لەبەرئەوەی ئێمە ناوبژیوانی باشمان هەیە کە بڕوانامەی نێودەوڵەتییان هەیە، توانای باشیان هەیە بۆ ناوبژیکردنی هەر پاڵەوانییەتییەک لەسەر هەر ئاستێک بێت، وە هەندێکیان بەکردار بەشدارییان کردووە لەناوبژیکردنی پاڵەوانییەتییە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان سەری کوردیان بەرزکردۆتەوە، لەوانە مامۆستایان (ئازاد بیلال، ئەسعەد ئیسماعیل، عەبدولوەهاب عەبدولڕەزاق) وە چەند ناوبژیوانی دیکە، داوای لێ بوردنیان لێدەکەم ئەگەر ئێستا ناویانم لەبیرنەبێت.

*** کاربەدەستانی وەرزش تا چەند هاوکاری وەرزشی شەترەنج دەکەن؟**

- بەڕاستی هاوکاری ماددی لەهەمووی گرنگترە، زۆر بەکەمی هاوکاری دەکرێین، لە وڵاتی ئێمە کاربەدەستان تەنها گرنگی بەتۆپی پێ دەدەن، گرێبەستی خەیاڵی لەگەڵ یاریزانی تۆپی پێی عەرەب ئەنجام دەدەن و یارییە تاکەکان فەرامۆش کراوە و کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە.

*** هیواو ئاواتت چییە بۆ دوارۆژ؟**

- هیوا و ئاواتم ئەوەیە بەرپرسان گرنگی بەهەموو وەرزشەکان بدەن بەبێ جیاوازی، لە خەیاڵم دایە هۆڵێکی تایبەت بەیاری شەترەنج بکەمەوە و خزمەت بە یاریزانانی کوردستان بکەم.

*** دوا وتەت؟**

- زۆر سوپاسی راگەیاندنەکان دەکەم کە جار بەجار بەسەرکردنەوەمان دەکەن و بڵاوکردنەوەی ئەم یارییە دەگرنە ئەستۆ.

**لە ژمارەی داهاتوودا سالار عەبدولجەبار دەبێتە مێوانی هەفتەنامەی (هەرێمی کوردستان)**



# ئۆلیڤەر کان.. ئەو گۆڵچییە ناودارەی هیچ خەندەیەک لە ڕووخساریدا بەدی ناکرێ!!

ئۆلیڤەر کان یەکێک بووە لە گۆڵچییە هەرە باش و ناودارەکانی هەڵبژاردەی پێشووی ئەڵمانیا و خاوەنی ٨٦ یاری نێودەوڵەتییە ، ئەو گۆڵچییە لە ١٥ حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٩ لە کارلسروەی باشووری ئەڵمانیا لە خێزانێکی وەرزشوان لە دایک بووە و خاوەنی دوو منداڵی چاو گەشە بە ناوی (کاترینا ماریا و دافید) ئەو دوو منداڵەش لە ژنە تەڵڵاقدراوەکەیەتی کە ناوی (سیمۆن کان) بووە.ئەگەر بمانەوێ بەو چەند دێرە باس لە مەزنی ئەو گۆڵچییە بکەین ڕەنگە هەروا ئاسان نەبێت و کات و ساتێکی زۆری پێویست بێت ، بەڵام ئێمە چەند زانیارییەک لە بارەیەوە بۆ مێژوو تۆمار دەکەین



ئۆلیڤەر کان سەرەتای ئاشنابوونی بە وەرزش دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی شەش ساڵی کاتێک لە بێچوەشێرانی یانەی شارەکەی بە ناوی (کارلسروە) یاریکردووە .

کان تا وازهێنانی لە یاریکردن لە ساڵی ٢٠٠٨ وەک گۆڵچی یەکەمی یانەی بایرن میونخ و هەڵبژاردەی پێشووی ئەڵمانیا یاریدەکرد ، بەڵام لە مۆندیالی ٢٠٠٦ وەک گۆڵچی یەدەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد .

ئۆلیڤەر کان زۆر ئازایانە تۆپە بەرزەکانی دەگێڕایەوە ، بەڵام لە گێرانەوەی تۆپە نزم و زەوییەکانەوە زۆر باش نەبوو.

ئەم گۆڵچییە لە ژیانی وەرزشیدا گەلێک دەستکەوتی مەزنی بەدەستهێناوە ، لەوانە سێ ساڵ لەسەریەک و لە ساڵەکانی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ بە باشترین گۆڵچی لەسەر ئاستی جیهان هەڵبژێردراوە ، هەروەها لە مۆندیالی ساڵی ٢٠٠٢ ش بە باشترین گۆڵچی دەرچووە .

کان لەگەڵ یانەکەی بووە کاتێک شەش جار جامی خولی ئەڵمانیای بەرز کردۆتەوە ، هەروەها پێنج جاریش لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بووە کاتێک ئەنجامی شایستەی لە خولی جامی ئەوروپا بە دەستهێناوە .

**ئا: ئیبراهیم**

# پێکان یەخەی بەرشە دەگرێ

هەوادارانی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی نیگەرانن لە بەرامبەر یارینەکردنی ژمارەیەکی لە یاریزانە سەرەکییەکانیان، چونکە بەهۆی پێکانە جۆراوجۆرەکان ژمارەیەک لە ئەستێرەکانییان لە مەشق و یاریکردن دوورەکەونەوە گواردیۆلای ڕاهێنەریش ناچارە بۆ گرتنەوەی شوێنی یاریزانە پێکراوەکان یاری بەچەند یاریزانێکی یەدەک بکات.

زۆرێک لە چاودێرانی وەرزشی پێیانوایە یانە گەورەکان بە پێکانبوونی دوو سێ یاریزان پەکیان ناکەوێت، چونکە یانە جەماوەرییەکان خاوەن ژمارەیەکی زۆر یاریزانی بە توانان ڕەنگە ئاستی یاریزانە یەدەگەکان هیچی کەمتر نەبێت لە یاریزانە سەرەکییەکان. شایەنی گوتنە ئەو یاریزانانەی کە لە ریزی بەرشە بەهۆی پێکانەوە یاری ناکەن بریتین لە (ئیرک ئەبیدال و دانیال ئەلڤێس و یایە تۆرێ و جیفرینیسکی) بەدور نازانرێ یاریزانە یەدەگەکان شوێنیان بگرنەوە ئەو یاریزانە یەدەگانەی کە بڕیارە بەشێوەی سەرەکی یاری بکەن بتوانن بیسەلمێنن شایستەی ئەوەن بەشێوەی سەرەکی یاری بکەن چیدیکە لەسەر کورسی یەدەک دانەنیشن.

**ئا: ئارا**

# چەند بیرەوەرییەکی وەرزشی

خەلیل یابە کەریم

لەژیانی وەرزشیمدا کە نزیکەی بیست ساڵی خایاند زۆشتی سەیروسەر سورهێنەرم بەسەرهات لەوانە:

١- کاتێک قوتابی پۆلی یەکی پۆلی خانەی مامۆستایان بووم لە (المحوی الثقافیە) کە ئێستا زانکۆیە لەموسل، من لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم وەرزشی بەرزکردنەوەی قورسایی و لەش جوانیم دەکرد هەرچەندە ژمارەی قوتابیان نزیکەی (١٠٠٠) قوتابی بوو بەهەرسێ بەشی کشتوکاڵ و پیشەسازی و خانەی مامۆستایان، لەگەڵ ئەوەشدا وەک دەڵێن ئێمە ناوبانگمان دەرکردبوو جگە لە قوتابیان، مامۆستایانیش دەیزانی من وەرزشوانم، چونکە لەشولارێکی جوانم هەبوو، لەناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی (١٩٥٨) فەیسەڵ و عەبدولئیلای خاڵی دەیوایەبێن بۆ کردنەوەی چێشتخانەی قوتابیان لەناو قوتابخانە کە ئەوکات پارەیەکی خەیاڵی تێچووبوو، بۆ ئەم مەبەستە ئێمەی قوتابیانی هەموو بەشەکان هەر لەدەرگای دەرەوە تاچێشتخانەکە کەلەسەرەوە بوو بەدوو ڕێز سرەمان بەستابوو مامۆستایەکان لەناو ڕێزکان پیاسەیان دەکرد. مامۆستایکی زۆر سەیرمان هەبوو، قەتاو قەت پێنەدەکەنی، بەڵام هەڵسوکەوت و کردەوەمانی زۆر سەیر بوو، وانە جوغرافیای پێ دەگوتین، دەبینم بەخێرایی بەرەو ڕووی من هات و هاواری کردو گوتی: (ابنی خلیل ما تروح یجیب اثقالک ترفع هۆن) بەکوردیەکەی (کوڕم خەلیل بۆ ناڕۆی ئاسنەکانت بینیە ئێرە بەرزیان بکەیەوە) کە قوتابیەکان ئەمەیان بیست خەنی بوون هەندێ پێکەنین!!

لە حەفتاکان زۆر لەش و لارم جوان بوو بە ئاواتی ئەوەبووم ڕۆژێ لە ڕۆژان لە تەلەفزیۆن و سینەما دەرکەوم وەک ئارنۆلد شوازیناکرو تەرەزان و... تاد، وەبوو یادی بەخێر (مستەفا رابەر) ساڵی ١٩٧٣ دڕامایەکی تەلەفزیۆنی نووسی بەتایبەتی بۆمن و (شێرزاد پۆلیس) کە بەدەم جۆرەها تەقەی دەکرد وەک پیاوانی کاوبۆی، دراماکەمان ئامادەکرد ڕەزامەندی تۆمارکردنمان لە بەغدا وەرگرت: لەبەغدا چوومە (ملعب القو و الکمال ایجانی) لای ڕاهێنەو ناوبژیوانی جیهانی (مەحمود سەعیدی) چەند پارچە ئاسنێکم لێی وەرگرت بۆ خۆ گەرم کردنەوە بۆ ئەوەی ماسوولکەکانم پف بدرێن بەهەزار ناڵی عەلی لە ئێسگەو تەلەفزیۆنیس بەغدا بردمە ژوورەوە، ڕاهێنانم لەسەرکرد، پاشان بەهەندێ زەیت خۆم چەور دەکرد بۆ ئەوەی تیژی مامۆسولکەکان دەربکەون کە نۆرەی دیمەنی من هات بەچەند جۆرەە ڕاوەستانێک وێنەم گیرا، ئیدی پاش تەواوبوونی تۆمارکردنەکە ئەوکات مۆنتاژکردن نەبوو بەیەک نەفەس تۆمار دەکرا دەبوایە ئەکتەر دایەلۆکی لەبەربێ، ڕۆژی نمایشکردن لەتەلەفزیۆنی کەرکووک کە هەمیشە شەوانی دووشەم بوو، دڕامایەکە دەرکەوت زۆر کەیفم بەخۆم هات گوتم ئێستا خەڵک هەموو پیرۆزبایم لێدەکەن، چونکە ئەوە یەکەم بەدەیان تیروتوانجم خوارد، دەیانگوت یابە ئەوە بۆیە روون لە بازاڕی نەمایە تو مەزان هەموو ئەوە لە خۆیدایە!! یەکێکی دیکە دەیگوت باشە لۆ بەرووتی شەرواڵەک نەبوو لەبەرکا.. بەم جۆرە هەبوو دەستخۆشی دەکرد، هەبوو دەیگوت مامۆستا شەرمت نەکرد بینی؟! ئەی سەیری فیلمەکانی بیانی دەکەن هەموو ڕووتن، حەزدەکەن فیلمەکانی تەرەزان بینین! یان بۆ خەڵک عادەتە بۆ ئێمە عیبرەتە.

محەمەد یاسین

# لە ساڵانی ١٩٧٧ تاکو ١٩٩١ ژمارەی پێوانەیی ئاسیاو عەرەبیم شکاند

**محەمەد یاسین یەکێک بوو لە پاڵەوانە کاریگەرەکانی پێشووی یانەی هەولێر کە جێ پەنجەی دیاربوو لەو یاریانەی کە بەشداری تێدا کردووە بە گەواهی هەموو پسپۆڕان و ڕاهێنەران و جەماوەری وەرزش یەکێک بوو لە بڕبڕەکانی پشتی یانەی هەولێر- کاتێک لە یارییەکان بەشداری دەکرد وەکو:**

**ئەو پاڵەوانەی کە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان بە دیارکەوت تاکە کوردیش بووە کە بەژداری لە چەندین پاڵەوانیەتی جیهانی و ئۆڵەمپیاد کردووە توانیویەتی کە ژمارەی پێوانەیی لە ساڵی ١٩٧٧ تاوەکو ١٩٩١ لە ئاسیاو وڵاتانی عەرەبی بشکێنێت، بەڵام بەهۆی خراپ بوونی باری عێراق و کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر کوردستان جێدێڵێت و دەچێتە وڵاتی سوید ئێمەش بە پێویستی نازانی لە چەند پرسیارێک ئاڕاستەی ئەم یاریزانە نێودەوڵەتییە بکەین.**



*** محەمەد یاسین کێیە؟**

- ناوم محەمەد یاسین محەمەد لە ساڵی ١٩٦٣ لە هەولێری خۆشەویست لە دایکبووم و لەگەڕەکی عەرەبان چاوم بە دونیا هەڵهێناوە خێزاندارم و خاوەنی پێنج منداڵم.

*** لە چ ساڵێک ئاشنای بەرزکردنەوەی قورسایی بووی؟**

- سەرەتای دەسپێکردنم ساڵی ١٩٧٤ بوو بەڕاستی من زۆر عەشقی بەرزکردنەوەی قورسایی بووم هەموو ڕۆژێک دەچووینە هۆڵی یانەی هێرش لە پەنجەرەی هۆڵەکە سەیری پیاوێکم دەکرد کە ئەم جۆرە وەرزشەی دەکرد، منیش تەمەنم ١٣ ساڵ بوو کە دەستم بەم وەرزشە کردو سەرەتاش ڕاهێنەری (ئیدریس تۆفیق) مەشقی بەمن دەکرد هەموو ڕۆژێکیش پێش مەشقکردن هۆڵەکەم خاوێن و ئاوڕشێن دەکرد.

*** لە چ ساڵێک بەژداری پاڵەوانیەتییەکانی نێودەوڵەتی و جیهانیت کرد؟**

- تەمەنم ١٦ ساڵی بوو کە لە هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشت کرام لە تەمەنی هەر لەو ساڵەش بەژداری پاڵەوانیەتی لاوانی جیهانم کرد، کە لە ساڵی ١٩٧٧بەڕێوەچوو توانیم پلەی سێیەمی جیهان بەدەستبێنم هەروەها بەژداری پاڵەوانیەتی ئاسیام کرد، پلەی یەکەمم بەدەستهێنا من لە ساڵی ١٩٧٧ تاکو ١٩٩١ ژمارەی پێوانەیی ئاسیاو عەرەبیم شکاند.

*** ئەی ئۆڵۆمپیاتەکان؟**

- ئۆڵۆمپیاتە جیهانییەکان لە ساڵی ١٩٨٠ بەشداری ئۆڵۆمپیادی مۆسکۆم بەشداریم کرد پلەی هەشتەمم بەدەستهێنا، لە ساڵی ١٩٨٤ش بەشداری ئۆڵۆمپیادی لۆس ئەنجلس ئەمەریکیم کرد، پلەی سێیەمم تێدا بەدەستهێنا، لە ئۆڵۆمپیادی ئاسیا کە ساڵی ١٩٨٢ ئەنجامدرا لە هیندستان پلەی دووەمم تێدا بەدەستهێنا، هەروەها بەژداریم لە ئۆڵۆمپیادی ئاسیاش کرد کە لە کۆریای باشوور بوو لەوێش پلەی دووەمم بەدەستهێنا.

*** بەڕای تۆ ئاستی وەرزش لە کوردستان چۆنە؟**

ئێستا وەرزش لە هەموو بوارەکانی ئێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینیووە، تامێکی تایبەتی خۆی هەیە لەبەر ئەوەی حکومەت زۆر پاڵپشتی لە وەرزشی کوردستان دەکات، ئێستا هیچی لە وەرزشی جیهان کەمتر نییە.

*** گەر داوات لێبکرێتەوە ببیت بە ڕاهێنەر لە کوردستان؟**

بە شانازییەوە دەیکەم و خزمەتێکی واش بەشارەکەم دەکەم کە تاکو ئێستا نەکراوە حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە کە پارێزگاری هەولێر بەڕێز نەوزاد هادی داوای لێکردم بگەڕێمەوە کوردستان ببم بە ڕاهێنەر.

*** کێ بوون ئەوانەی کە محەمەدیان دروستکرد؟**

- ڕاهێنەر ئەسعەد تۆفیق کە منی کردە ئەو پاڵەوانە، هەروەها باوکی خۆشەویستم کە ئێستا لە ژیان نەماوە زۆر پشتگیری لەمن دەکرد تاوەکو بەردەوام بم لەسەر وەرزشکردن.

*** چ ساڵێک کوردستان جێهێشت و لەبەرچی؟**

- لە ساڵی ١٩٩١ من لە بەغدا بووم بڕیار دەرچوو کە دەبێت وەرزش واز لە وەرزش بێنم بچم بۆ عەسکەری، منیش هەر زوو کە گوێم لەو هەواڵە بوو گەڕامەوە هەولێر ئەوکاتە وەزعی هەولێریش تەواو نەبوو بڕیارمدا کە کوردستان بەجێبهێڵم و چوومە وڵاتی سوید.

*** دوا وتەت؟**

- هیوادارم لە گەڕانەوەم وەکو وەرشوانێک لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بە ئاڵای کوردستاندا پێشوازیم لێبکرێت لەبەر ئەوەی هیچم لە یاریزانی دێرنی عێراقی فەلاح حەسەن کەمتر نییە کە پێش ماوەیەک بە ئاڵای عێراق پێشوازیان لێکرد سوپاس بۆ ئێوەش کە ئەزیەتتان کێشا.

**دیمانە: جەمال دیلان**



# بەرشلۆنە چاوەڕێی ئیتۆیە بۆ نوێکردنەوەی بۆندەکەی

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی چاوەڕێی وەڵامی ساموێل ئیتۆیە لەسەر نوێکردنەوەی بۆندەکەی بۆ ماوەی ٢ ساڵ، ئەگەر بۆندەکەش نوێکرایەوە، ئەوا ئیتۆ دەتوانێ دوو ساڵی دیکە لەناو ماڵی بەرشلۆنە بمێنێتەوە بەهەمان بڕە پارەی بۆندە کۆنەکە.

جێی باسە یانەی کەتالۆنی هەفتەی رابردوو پێشنیازێکی پێشکەش بە یاریزانی ناوبراو کرد، ئەگەر بێتو یاریزانی کامیرۆنیش رازی بێت ئەوە دەتوانێت تا ساڵی ٢٠١٢ لە بەرشلۆنە یاری بکات.

ئەو هەواڵانەش دوای ئەوە دێت کە بەڕێوەبەری کارەکانی ئیتۆ (ماریا میسیاس) لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی رایگەیاندبوو کە ئیتۆ حەز دەکات هەر لە کامب نو یاریی بکات ئەوەش لە قازانجی یانەکەو یاریزاندایە، ئەگەر بێتو یانەی بەرشلۆنەش رازی نەبیت، ئەوا ئیتۆش خۆی حازر دەکات ئەو یانەیە جێبهێلێت.

ماریا راشیگەیاند کە بەهۆی تەلەفۆنەوە ئەو باسەیان بە ئیتۆ راگەیاندووە، بەڵام ئەو حەز دەکات لەگەڵ بەرپرسانی یانەی ئیسپانی لەو بارەوە دابنیشێت و گفتوگۆ بکات.

**ئا: سەنگەر حوسێن**

# مینۆتی: میسی پادشای تۆپی پێیە



راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی ئەرژەنتینی و بەرشلۆنە سیزار لویس مینۆتی سەبارەت بە یاریزانی ئەرژەنتینی و ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە لیونێل میسی گوتی: چوار پادشای تۆپی پێ هەیە: دی ستیفانو و بیلیەو کرۆیف و مارادۆنا، هەروەها یاریزانیش هەبووە نزیک لەوانە وەکو زێدان و رۆناڵدینهۆ و رۆناڵدۆ و رۆماریۆ بەڵام هیچ لەوانەی باسمان کرد وەکو میسی هەلی بۆ نەڕەخساوە ئێمە ئێستا گەواهی ئەوە دەدەین کە پادشایەکی نوێی تۆپی پێ بەڕێوەیە ئەویش (لیونێل میسی)یە ئەم لێدوانانەی راهێنەری پێشوو لە چوارچێوەی قسەکانی هات لەگەڵ رادیۆی کەتالۆنی کە باسی لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و لیونێل میسی کرد، لە درێژەدا گوتی: میسی گۆڵکاری تیپەکەیەتی هەروەها دەزانێ چۆن گۆڵ دروست بکات و هەلەکان بقۆزێتەوە، هەروەها بە بەردەوامی ئاستی گەشە دەکات، لە کۆتاییدا گوتی: من زۆر دڵخۆشم بەوەی ئەم یاریزانە لە بەرشلۆنە یاریدەکات. بەتایبەتی کە ئەو بە کوڕی یانەکەی دادەندرێت.

**ئا: سەهەند یاسین**

# کانالیس چووە ریزی ریال مەدرید



یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لەسەر پێگەی فەرمی خۆی رایگەیاند کە یاریزانی راسینگ سانتاندیری ئیسپانی گرێبەستێکی لەگەڵ یانەکەی بە ئەنجام گەیاندووە کە بۆ ماوەی ٦ وەرز لە سەرەتای وەرزی داهاتوو بۆ یانەکەیان یاریبکات.

رۆژنامەی(مارکا)ی ئیسپانی ئاماژەی بەوەدا کە(کانالیس) خاوەن ١٨ ساڵ لەسەرەتای وەرزی داهاتوو پەیوەندی بە یانەی ریال مەدرید دەکات، بەڵام هەردوو یانە رێکەوتنێکیان ئەنجامداوە بۆ ئەوەی ئەم یاریزانە تا وەرزی داهاتوو بەشێوەیەکی خوازراو لە یانەکەی بمێنێتەوە.

هەواڵەکان لە ریال مەدرید باسیان لە بڕی پارەکە نەکرد، بەڵام هەندێک سەرچاوە ئاماژەیان بەوەدا کە ریال مەدرید بە بڕی ٥ر٤ ملیۆن یۆرۆ بۆندەکەی ئەنجامداوە.

**ئا: ئەلەند کاوە**